# دەقئاوێزانی
# لەنێوان چەند دەقێکی
# نالی و مەحویدا

د. عەبدولسەلام سالار/ کۆلیژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی/**

**هۆی نووسینی ئەم باسە:**

له ئەدەبی میللەتاندا بایەخێکی زۆر بەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەدرێت و لەئەدەبی کوردیشدا هەنگاو لەم بارەیەوە نراوە، بەڵام بە بەراوردکردن لەگەڵ گرنگی ئەم جۆرە بابەتەدا هێشتا پێویستی بە هەوڵدانی زیاترە، لەلایەکی ترەوەو لەخوێندنەوەی بەرهەمی ئەم دوو شاعیرە بەرزەی کورددا (نالی، مەحوی) چەند وێنەیەکی لێکچوو لەنێوانیاندا بەدی دەکرێ و بۆیە ویستم لەو وێنە لێکچووانە بکۆڵمەوەو هەندێ لەو وێنانەی نالی بخەمەڕوو کە لەشیعرەکانی مەحویدا ئامادەییان هەیەو جۆری ئەو ئامادەبوونەش شیبکەمەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە وێنەکانی (نالی) ش لە ئەنجامی کاریگەریی وێنەی شاعیرانی تری پێش نالی و سەردەمی نالین ئەو شاعیرانە کوردبن یان فارس یان هەر شاعیرێکی تر بن کە نالی ئاگاداری بەرهەمەکانیان بووە.

گرفتەکان/ نووسەرانی کورد لەم بوارەدا کەم بەلای روونکردنەوەی چەمکی دەقئاوێزانیدا چوون، لەبەرئەمە زیاتر پەنامان بۆ سەرچاوە بیانییەکان بردووە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

- چەمکی دەقئاوێزانی، سەرەتاو ڕای نووسەران دەربارەی.
- بەراوردی نێوان ئەو وێنانەی نالی کە لەشیعرەکانی مەحویدا ئامادەییان هەیە.

## بەشی یەکەم/ چەمکی دەقئاوێزانی، سەرەتاو ڕای نووسەران لەبارەیەوە

مرۆڤ کە دێتە ژیانەوە هیچ زانیارییەکی زگماکی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوەو ئەوەی فێری دەبێ لە دەوروبەرەوەیە، واتا ئەوەی فێری دەبێ هی خۆی نییە بەڵکو وەرگیراوە.

لەم بارەیەوە باختین ی گەورە نووسەری ڕووس ئەوە ڕادەگەیەنێ کە (هەرچی وتراوە لەسەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە تائێستا، تەنیا وتەکانی ئادەم نەبێ، ئەوانی تر هەمووی لەسەر وتەی پێشتر بنیات نراون)[1].

لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە ژنە زانای فەرەنسی[2] جولیا کریستیڤا لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە زاراوەی (دەقئاوێزانی- Intertextuality) بەکارهێناو چەسپاندی کە دیارە ئیحای ئەم بەکارهێنانەی لە لێکۆڵینەوەکانی باختین لەبارەی (دیستوفیسکی)ەوە، وەرگرتووە چونکە باختین بۆ چەمکی ئەم زاراوەیە[3] (التفاعل السوسیولفظي) بەکاردەهێنا.

کریستیڤا ئەوە ڕادەگەیەنێ کە هەموو دەقێك پێوەندییەکی لێکچوون و (وەکیەك) یشی لەگەڵ دەقی تردا هەیەو یان ڕەنگدانەوەیان لەنێواندا هەیە، واتا (کۆکردنەوەی دوو وتەی جیاواز یەکێکیان دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئەوی ترو وەکو ئاوێنەیەك دەبێت بۆی)[4]، ئەمەش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە، ڕەنگە بە خوێندنەوەی سەرپێیی دەقێك کاریگەریی دەقێکی تری بەڕوونی تێدا بەدی بکرێت، ئەمەش دیارە نووسەر زۆر پشتی بە دەقەکەی پێشووتر بەستووە، بەئاگاییەوە یان لە بێئاگاییەوە بێت، بەڵام ئەگەر دەقێك بەوردیی و وریاییەوە چنرابێت ئەوا پرۆسەی بەدیکردنی دەقێکی تری تێدا زۆر گران دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر خوێنەر، چونکە خوێنەری بە ئەزموون دەتوانێ دەزووی[5] پێوەندییە شاراوەکانی نێوان دەقەکەو دەقەکانی پێشووتری بدۆزێتەوە کە لێیانەوە وەرگیراوە.

چونکە دەقی ئەدەبی هیچ کاتێ بێ پێوەندی لەگەڵ واقیعی دەرەوەدا درووست نابێت، لیون سمفیل ئەوە ڕادەگەیەنێ کە ((هیچ دەقێك لە سێبەری دەقێکی پێشووتری بەولاوە هیچی تر نییە))[6]. لەبەرئەوەی هەموو جۆرە ڕۆشنبیرییەکی تێدەڕژێ بێ ئەوەی شاعیر بتوانێ خۆی لێ بەدوور بگرێت و لێرەوە دەقی ئەدەبی ڕەهەندێکی جیهانی وەردەگرێت و ئەگەر پرسیاری سەرچاوەی درووستبوونی ئەو دەقە لەشاعیر یان نووسەر بکرێت ڕەنگە نەتوانێ وەڵامی بداتەوە، چونکە ئەو پێوەندیی و ئاشنایەتییەی کە لەنێوان دەقەکەو دەقەکانی پێشووتردایە نەستی نووسەر پێکەوەی ناون و ئەوجۆرە دەقانەی کە زۆر لەخۆکردن لە چنینیاندا بەدی ناکرێت دەستدەدەن بۆئەوەی لەم

---

1 د.محمد خيري البقاعي، افاق التناصية، ص ١٠٧.

2 سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

3 محمد عزام، النص الغائب، ص٣٦.

4 جوليا كريستيڤا، علم النص، ص٤٢.

5 د.محمد مفتاح، دينامية النص، ص١٠٤.

6 ليون سمفيل (التناصية) من كتاب افاق التناصية، ترجمة د.محمد خيري البقاعي، ص١٠٠.

بارەیەوە لێیان بکۆڵرێتەوە چونکە وەکو وتمان هێزێك لە نەستی شاعیر یان نووسەردا هەوڵ دەدات و لێکچوون لەنێوان شتەکانی سرووشتدا بدۆزێتەوە بەپشت بەستن بەو پاشخانە رۆشنبیرییەی کە هەیەتی، لێرەدا مەبەست لەو پاشخانە رۆشنبیرییەیە کە بەهۆیەوە بەو پێوەندییە شاراوانە ئاشنا[7] دەبین کە شاعیرانی پێشووتر لەنێوان شتەکانی سرووشتدا بەدییان کردوون‌و شاعیریش سەرلەنوێ بەکاریان دێنێتەوە، هەروەکو چۆن وێنەکێشێك کە وێنە دەکێشێت پشت بەسرووشت نابەستێت بەڵکو پشت بەشێوازی کەسانی پێشووتر دەبەستێت لە بە دەقکردنی سرووشتدا.

توێژەرەکان دەقئاوێزانیان بەسەر پێنج جۆردا دابەشکردووە کە لێرەدا نامانەوێ باسیان بکەینەوە چونکە لەباسێکی[8] تری هاوشێوەدا باسکراوە، بەڵام ئێمە لێرەدا هەڵوێستەیەك لەسەر دزینی ئەدەبی دەکەین کە بەجۆرێك لەجۆرەکانی دەقئاوێزانی دانراوە، چەمکی دەقئاوێزانی وەك لە ڕای زانایانەوە ڕوون بووە کە ئامادەیی بوونی دەقێ یان چەند دەقێکە لەدەقێکی دیاریکراوداو، گەورە شاعیرانی کۆنی عەرەب ئامۆژگارییانی بۆ شاعیرە تازە هەڵچووەکان ئەوە بووە کە شیعری زۆری شاعیران لەبەربکەن‌و دوایش لەبیریان بکەنەوە ئەمەش بۆ ئەوەبووە کە ئەو وێنەو زانیارییانەی کە شاعیری تازە هەڵچوو وەریان دەگرێت لە نەستیدا بنیشێن‌و دوایش وێنەی نوێ لەسەریان بنیات بنێت چونکە پرۆسەی دەقئاوێزانی هەڵوەشاندنەوەی دەقێکە و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیەتی یان لە دەقێکدا چەند دەقێکی تر[9] دەبیننەوە بەڵام لەئاستی جیاوازداو ئەم جۆرە دەقە جیرارجینێت بە دەقی[10] فراوانکراو (المتسع) ناوی دەبا هەر لەبارەی چەمکی دەقئاوێزانییەوە نزیکییەك لەنێوان لیون سمفیل‌و جرارجینێت بەدی دەکەین، بەوەی کە لیون سمفیل بە ((ئامادەبوونی دەقێك یان چەند دەقێکی دادەنێ لە دەقێکی تردا، ئەم ئامادەبوونەش بەئاشکرا دەبێ یان بەنهێنی یان بە (تلمیح)))[11] و جیرارجینێتیش ((بە بوونێکی هاوبەشی نێوان دوو دەق یان زیاتر))[12] دەیناسێنێت، هەروەها ئەم نووسەرە دەقئاوێزان لەدوو شێوەدا دەبینێتەوە، ((یەکێکیان ئەوەیە کە لەپڕو بێ مەبەست هەندێ لە دەقێك یان لەچەند دەقێکی پێشووترەوە. لە نەستی نووسەرەوە دزە دەکاتە نێو دەقەکەیەوەو جۆری دووەمیش ئەوەیە کە نووسەر یان شاعیر بەمەبەست‌و بەئاگاییەوە دەقەکەی لەهەندێ دەقی ترەوە وەردەگرێ))[13] و هەر ئەم نووسەرە باس لە زاراوەی (التعالی النصی) دەکات‌و

---

[7] روبرت شولز، السیمیاء والتأویل، ت.سعید الغانمي، دار الفارس، عمان، الأردن، ط١، ١٩٤٢، ل٤٤٢.

[8] د.ئەنوەر قادر جاف، توێژینەوەیەکی دەربارەی دەقئاوێزانی لەنێوان مەولەوی و جەلالەدین رۆمی کردووەو تێیدا بە درێژی باسی ئەم پێنج جۆرەی کردووە.

[9] د.محمد خیري البقاعي، نظریة النص الموقف الثقافي، العدد ٨، ١٩٩٧، ل٥٠.

[10] جیرارجینێت، طروس الأدب علی الأدب، من کتاب آفاق التناصیة، ت.د.محمد خیري البقاعي، ص١٣٩.

[11] لیون سمفیل (التناصیة) من کتاب افاق التناصیة، ترجمة د.محمد خیري البقاعي، ص١١٨.

[12] د.محمد خیري البقاعي، دراسة في تعریب النص و مصطلحات نظریة النص من مجلة الموقف الثقافي، ص٥١.

[13] محمد عزام، (النص الغائب) تجلیات التناص في الشعر العربي، منشورات اتحاد الکتاب العرب، دمشق سوریا، ص٣٨.

دەڵێ (ئەو زانیارییانەیە کە بەهۆیانەوە پەی بەو پێوەندییە شاراوانە دەبرێت کە لەنێوان دەقێکی دیاریکراوو دەقێك یا چەند دەقێکی تردا هەن).

لە رەخنەی عەرەبیدا ئەم زاراوەیە (دەقئاوێزانی) هێشتا دەنگدانەوەی بەوشێوە نییە، ئەگەرچی لەرەخنەی عەرەبی کۆندا چەند زاراوەیەك بەرگوێ کەوتوون کە دەکەونە بازنەی چەمکی ئەم زاراوەیەوە لەوانە تێهەڵکێش، ئاماژە، تیلنیشان، واتا درکیان بەو ئامادەبوونە کردووە کە شیعری کۆن لەشیعری نوێدا هەیەتی، و ئەیبێ، لەبەرئەمە شاعیرانیان هانداوە بۆ لەبەرکردنی زۆر لەشیعری کۆن و لەبیرکردنەوەیان بۆئەوەی شاعیر خۆی شیعری نوێیان لەسەر بنیات بنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر لەوانەیە شیعری شاعیرێکی پێشووتری لەبیربچێتەوە بەڵام لەنەستیدا دەنیشێت و کاتێك شیعرێکی نوێ دەهۆنێتەوە، توانایەك لەنەستیدا دەخوڵقێ بۆ دۆزینەوەی ئەو پێوەندییە شاراوەییانەی کە لەنێوان شتەکانی سروشتدان، ئەمەش بەپشت بەستن بەو زانیارییانەی کە لەنەستیدا نیشتوون.

هەروەها هەندێ لەنووسەرانی عەرەب هەندێ لە هونەرەکانی رەوانبێژی[14] وەك، چواندن و خواستن و درکەیان خستووەتە بازنەی دەقئاوێزانی، بەوەی کە واتای یەکەم و دووەمیان هەیەو شاعیر شتێکت پێ دەڵێ و مەبەستی شتێکی ترە.

## نالی (١٧٩٧-١٨٥٥ز)

ناوی خدرە کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی[15] بەگی مکایەڵییە لەگوندی (خاكوخۆڵ)ی دەشتی شارەزوور لەدایك بووە، لەسەرەتاوە قورئانی پیرۆزو وردە کتێبی فارسی خوێندووە، بەدوای فێربوونی زانستە ئایینیەکاندا سنەو سابڵاغ و قەرەداغ و هەڵەبجەو سلێمانی و شوێنی تر گەڕاوەو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو زۆر لەو زاراوە بەکارهاتووانەی زانستە ئاینییەکانی بەڕێگای هونەری ئیقتیباس و تیلنیشان و هونەری ترەوە بەکارهێناوە. داهێنەرانە، زمانی کوردی لەداڕشتنی شیعرەکانیدا بەکارهێناوەو زۆربەی هونەرەکانی رەوانبێژی لە وێنە هونەرییەکانیدا بەدی دەکرێن، لە ئەمەش زیاتر هونەری وای بەکارهێناوە لای شاعیرانی تری کورد بەرچاو ناکەون و ئێستاش دەریای شیعری پڕە لە دوڕی وێنەو چاوەڕوانی بیرێکی مەلەوانە. دیارە ئەدەبی میللەتانی دەوروبەر بەتایبەتی فارسی و عەرەبی زاینگەی ئەم خەیاڵە بەرزە فڕەی نالین کە نۆبەرەی شیعری بەم دیالێکتە نوێیە بە بەرهەم هێنا.

## مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٤ز)

ناوی موحەممەدە کوڕی مەلاعوسمانی باڵخ یە لەساڵی ١٨٣٠ هاتووەتە دنیاوە حەوت ساڵان بووە خراوەتە بەرخوێندن، شێوازی رێگرتنەبەری ژیانی وەکو نالی و شاعیرانی تری کلاسیکی بەدوای بەدەستهێنانی زانستە ئاینییەکان گەلێ شوێن گەڕاوە، لەوانە سنەو سابڵاغ و بەغدا، لای مفتی

---

[14] محمد عزام، النص الغائب، ص٤٣.

[15] بۆ بەدەستهێنانی ئەم زانیارییانە سوودم لە دیوانی نالی/ مەلاعبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم وەرگرتووە.

**زەهاوی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووەو زۆر لە زاراوەی زانستە ئاینییەکانی لە چنینی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، لەساڵی ١٩٠٦ دا کۆچی دوایی کردووە.**

**مەحوی شاعیرێکی وردەکاربووە[١٦] بۆیە دانانی شیعرێکی زۆری خایاندووەو وەك ئارامییەکی گیانی هەوڵی داوە شیعرەکان لە پلەیەکی بەرزی داڕشتندا بن. شیعرەکانی درێژە پێدەری قوتابخانەی نالییەو دەنگدانەوەیەکی[١٧] لە ڕادەبەدەرە بۆی‌و ئەو هەستە نەتەوایەتییانەی تێیدا[١٨] نواندوێتی وەکو وتراوە لە ئاگری بەتینی کوردایەتی‌و هەستی نەتەوەپەرستی نالییەوە وەرگیراون هەرچەندە بۆ ئەو کاتە هەر نووسینی بابەتی کوردی‌و گێڕانەوەی باسەکان بەکوردی خۆی لەخۆیدا کوردایەتی بووە.**

## بەشی دووەم/ دەقەکانی نالی و ڕادەی ئامادەبوونیان لە دەقەکانی مەحویدا

**نالی دەڵێ:**

**لافی دەمی تۆ غونچە لەدەمیابوو بە عمداً**

**باخوستی بڕی خستی کە مستێکی لەدەم دا[١٩]**

**نالی لەچنینی وێنەکانی ئەم دێڕەدا، خواستنی شاراوەی بەکارهێناوە، بەوەی جاریێ سیفەتی مرۆڤی بەگوڵێ بەخشیوە، دەم لازمی مرۆڤەو لاف‌و گەزافیش سیفەتی مرۆڤن لێرەدا نالی بەگوڵی بەخشیون، لەبەرئەوەش پێی دەوترێت خواستنی شاراوە چونکە مرۆڤمان خواستووە بۆ گوڵێ بە ئاشکرا واژەی (مرۆڤ) مان نەهێناوە بەڵکو بەڕێگای چەند پێوەستێکەوە هێناومانە، لەنیوەدێڕی دووەمیشدا دیسان بەشێوازی خواستنی شاراوە، شاعیر وێنەکەی چنیوە، واتای مرۆڤ بۆ با خوازراوە بەڵام وەکو واژە لە دەربڕینەکەدا نەهاتووە تەنیا پێوەستی هاتووە وەکو (مست) چونکە با (مست) ی نییە، هەروەها ناراستەوخۆش دەتوانین بڵێین پەسەندیدەیەکی تێدا بەکارهێنراوە چونکە ئەو هەڵسوکەوتەی گوڵێ ئەوە دەگەیەنێ کە دەمی یار لەو جوانترە، ئەگەر وا نەبووایە گوڵێ لاسایی نەدەکردەوە.**

**مەحوی شاعیریش هەر ئەو کەرەسانەی کە نالی لەوێنەکانی دێڕەکەی پێشوودا بەکاری هێناون ئەمیش بەکاری هێناون، بەڵام بەبێ ئەوەی شتێکی نوێیان بخاتە سەر، کە دەڵێ:**

---

16 عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، چاپخانەی مەعارف/ بەغدا، ١٩٧١، ل٣٦٤.

17 عبداللە عزیز خالد، لەبارەی مەحوی لوتکەوە، چ١، چاپخانەی سۆمەر، ١٩٨٦، ل

18 عبداللە عزیز خالد، لەبارەی مەحوی لوتکەوە، پێشەکی ل١٩.

19 دیوانی نالی، لێکدانەوەی مەلاعبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل٩٤.

غونچە دەمی لەباسی دەمی تۆ دەدا، صەبا

مستێکی دا لەدەمی، دەم قسەی زلی شکا [٢٠]

مەحوی لەم دێڕەدا دەیەوێ بەشێوازێکی تر هەر ئەو واتایەی نالی بگەیەنێ:

| | |
|---|---|
| غونچە دەمی لەباسی دەمی تۆ دەدا صەبا | لافی دەمی تۆ غونچە لەدەمیابوو بە عمداً با |
| مستێکی دا لەدەمی، دەم قسەی زلی شکا | خوستی بڕی خستی کە مستێکی لەدەمدا |

مەحویش دیسان وەکو نالی خواستنی شاراوەی لەچنینی وێنەکەدا بەکارهێناوە چونکە واتای مرۆڤی بۆ صەبا خواستووە بەڕێگای هەندێ پێوەستی مرۆڤەوە وەکو (دەم) (قسەی زل) بەڵام واژەی مرۆڤ بەئاشکرا لەوێنەکەدا نەهاتووە. مەحوی لە داڕشتنەکەیدا ئەو گۆڕانکارییەی کردووە کە (باسی) لەجێی (لافی) بەکارهێناوە هەروەها صەبای لەجێی (با) و (قسەی زلی شکا) لەجێی (خوستی بڕ) ی بەکارهێناوە، واتا مەحوی بە گۆڕانکارییەکی کەمەوە وێنەکەی نالی داڕشتووەتەوە. مەحوی بە قسەیەکی ئاسایی وێنەکەی چنیوەو هیچ جێگۆڕکێیەکی بە وشەکان بەو شێوەیە نەکردووە بۆئەوەی سیمایەکی ئەدەبی بە داڕشتنەکە ببەخشێت، سێ ڕستەی ڕێزمانی بەشێوازی چیرۆك چنراون لەکاتێکدا نالی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش پاش‌وپێشی بە بنیاتی وێنەکە کردووەو جوانترین سیمای شیعری پێبەخشیوە، وشەی (لاف) کە نالی لە دەقەکەیدا بەکاریهێناوە، لای مەحوی (باس) و (قسەی زل) جێگای گرتوونەتەوە، بەڵێ مەحوی نایەوێ وەکو نالی بیرەکە بگەیەنێ، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لەنێوان توانای ئەو وشانەدا هەیە بۆ بەخشینی شیعرییەت بەدەقەکە، ئەو توانایەی کە لە وشەی (لاف) دا هەیە بۆ بەخشینی وزەی ئیستاتیکی بەدەق لە وشەکانی (باس) و (قسەی زل) دا بەدی ناکەین.

نالی دەڵێ:

گریانی منو خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێ

بەو مەوسیمی بارانە کەوا گوڵ دەپشکووت [٢١]

وێنەی ئەم دێڕەی سەرەوە نالی بەشێوازی چواندنی وێنە بەوێنە چنیوێتی، بەگریانی شاعیر خۆشەویستەکەی دێتە پێکەنین، هەروەکو چۆن بەباران گوڵ دەپشکوێت.

گریانی نالی ←—— خەندەیی یار = باران ←—— پشکووتنی غونچە

هەرئەو کەرەسانەی پێشوو لەوێنەیەکی مەحویدا دەبینین بەڵام ئەم (مەحوی) بەشێوەیەکی جیاواز دایڕشتووەتەوەو توانایەکی تری تێدا دەرخستووە کە دەڵێ:

---

20 دیوانی مەحوی، لێکدانەوەی مەلاعبدالکریمی مدرس و محمدی مەلاکەریم، ل٢١.

21 دیوانی نالی، ل١٥٣.

بەگریانم وەکو گوڵ، پێکەنی یار

لەباغی من بەبارش غونچە پشکوت

لەنیوەدێڕی یەکەمدا، مەحوی بەشێوازی چواندنێکی ئاسایی (درێژەی بەرەڵا) وێنەکەی چنیوە یاری بەگوڵ چواندووە، بەڵام دەتوانین بیگێڕینەوە بۆ ئەو هاوکێشەیەی کە چواندنی وێنە بەوێنە.

گریانی شاعیر ⟵ پێکەنینی یار ⇄ س ⟵ گوڵ پشکووت = س = باران

ئەو هاوکێشەیەی کە نالی لەدێڕەکەیدا کردویەتی مەحوی بەدوو هاوکێشە بەئەنجامی گەیاندووەو وێنەکانی بەشێوەیەکی وا جیاکردووەتەوە وەکو ئەوەی جیا نەکرابنەوە.

بەگریانم وەکو گوڵ پێکەنی یار

گریانم ⟵ پێکەنی یار = س ⟵ گوڵ پێکەنی (پشکووت)

س = باران

ئەوەی یار پێئەکەنێنێ گریانە = ئەوەی گوڵ پێدەکەنێنێ بارانە

لەباغی من بەبارش غونچە پشکووت

لەنیوەدێڕی دووەمدا شاعیر داهێنانە وێنەکەی بەڕێگای خواستنی نواندنەوە چنیوە.

س ⟵ س = بارش ⟵ غونچە پشکوت

= گریانم ⟵ یار پێکەنی

لێرەدا (بەبارش غونچە دەپشکووت) بۆ واتای خوازراو بەکارهاتووە چونکە شاعیر باس لەحاڵەتی خۆی دەکا لەخۆیدا باغ نییە تاوەکو بەبارش غونچە بپشکوێ...واتا هەروەکو چۆن بەبارش غونچە دەپشکوێ بەگریانی منیش یار پێکەنی، واتا چواندنێکی نواندنە بەڵام لایەکی چواندنەکە هاتووە کە دەبێتە خواستنی نواندن. بەکارهێنانی وشەی (خەندە) لەم وێنەیەدا لەوشەی (پێکەنی) گونجاوو جوانترە.

نالی دەڵێ:

شوبهەی نییە کە شەمس و قەمەر سێبەری ئەون

نیسبەت بە هەردوو وەجهی وەکو نوورو سێبەره[22]

شاعیر لەم دێڕەدا پێغەمبەری بەرامبەر ڕووناکی و خۆری بەرامبەر بەسێبەر ڕاگرتووە، شاعیر دەیەوێ ڕووناکی پێغەمبەر لەتیشکی خۆرو ڕووناکی مانگ درەوشاوەتر دەربخا، لەم حاڵەتەدا ئەوەی ڕووناکی کزتربێت ئاستی دەرکەوتنی کەمتر دەبێت وەکو چۆن لەڕۆژدا کە خۆر دەردەکەوێ ئەستێرەکان ون دەبن، لێرەدا شاعیر دوو شتی هاودژ بەیەك ڕاگرتووە، ڕووناکی لەهەرکوێ ببێ سێبەر لەوێدا نابێت لێرەدا شاعیر شێوازی چواندنی نواندنی بەکارهێناوە.

پێغەمبەر + خۆر = ڕووناکی + سێبەر

---

[22] دیوانی نالی، ل٤٢٨.

لەم وێنەیەدا نالی دەیەوێ ئەوە بڵێت خۆر کە نموونەی تیشکدارییە بەڵام لەئاست پێغەمبەردا تیشکی کزە یان هەر تیشکی نییەو ون دەبێت وەکو چۆن سێبەر لەئاست رووناکیدا هیچ نییەو ون دەبێت.

مەحوی شاعیر سوودی لە کەرەسەکانی ئەم وێنەیەی نالی وەرگرتووەو بەزیاتر لەشێوەیەك بەکاری هێناون وەکو دەڵێ:

وتی: من بێم و مەحوی وا بمێنێ ناکرێ نابێ

هەتاوو سێبەرین ئێمە، دەبێ یامن ببم یا ئەو[٢٣]

لێرەدا مەحوی زەقتر هاودژی نێوان هەتاوو سێبەری بۆ بەرجەستەکردنی هەڵنەکردنی خۆیو خۆشەویستەکەی لەشوێنێکدا بەکارهێناوە، کە لێرەدا بەشێوەی چواندنی نواندن بەکاری هێناوەو بەزمانی خۆشەویستەکەیەوە ئەوە رادەگەیەنێ کە (مەحوی) لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا وەکو سێبەر وایە لەگەڵ هەتاودا کە بوونیان لەیەك شوێندا مەحاڵە.

خۆشەویست ←——— مەحوی = هەتاو ←——— سێبەر

لەناوچوون = لەناوچوون

لێرەدا مەحوی ئەو پێوەندییەی بەکارهێناوە لەچنینی وێنەکەیدا کە لەنێوان سێبەرو هەتاودا هەیەو نالی لەوێنەکەیدا بەکاری هێناوە کە مەحاڵی پێکەوە هەڵکردنی سێبەرو هەتاوە، بەڵام هێشتا تای تەرازووی داهێنانی مەحوی لەم وێنەیەدا هاوتای نالی نییە، چونکە خۆر کە لایەکە لە هاوکێشەی وێنەکەی نالیدا مەحاڵە بوونی بەسێبەر بەڵام سیحرو ئیکسیری وێنەی نالی ئەو مەحاڵەی ڕامالیوە.

لە دەقەکەی نالیدا ئیکسیری بیری بەرزەفڕی شاعیر سیستمی سرووشتی تێپەڕاندووەو سێبەری لەخۆر دروستکردووە، و هەست بە بەردەوامییەك لەشێوازی چنینی وێنەکەدا دەکەین کە ئەمە لە وێنەکەی مەحویدا هەستی پێناکەین، لە دەقەکەی مەحویدا چەندجارێك ناوبڕ دەکەوێتە بەردەوامی وێنەکەوە، بەکارهێنانی دەنگە داخراوو لووتیەکان وەکو ب، م.ن، ك،ء، لەوێنەکەی مەحویدا کاری کردووەتە سەر ڕەوانی دەقەکەو وقورتوگرێی تێکەوتووە چونکە دەربڕینی دەنگە داخراوەکان پێویستی بەوەیە کە با لەناو دەمدا پێشی لێ بگیرێ و دوایش بەرەڵا بکرێت.

لەهەردوو وێنەکەی نالی و مەحویدا پێوەندی هاودژیی کۆکەرەوە (الجامع) ی نێوان لاکانە بەڵام بە سێبەربوونی خۆریش داهێنانێکی ترە کە لەوێنەکەی نالیدا بەدی دەکرێت.

مەحوی دەڵێ:

خورشیدو سایە پێکەوە نابن دە حەقیەتی

ئەو جیلوە وەحشییەکە نەبێ ئاشنا بە کەس [٢٤]

---

[23] دیوانی مەحوی، ل٢٦٢.

[24] دیوانی مەحوی، ل١٤٧.

مەحوی لێرەشدا دیسان ئەو دوو هاودژەی بەکارهێناوەتەوە بەڵام ئەمجارە بەناوی (خورشیدو سایە) ەوە بۆ بەرجەستەکردنی دیاردەی ئاشنانەبوونی یارەکەی لەگەڵ خەڵکدا، وێنەکە بەشێوەی چواندنی نواندن چنراوە، شاعیر ئەوە ڕادەگەیەنێ کە یارەکەی حەقی خۆیەتی بەکەس ئاشنا نییەو هیچ کاتێ لەگەڵ کەسێکدا نەبووە چونکە خورشید هیچ کاتێ لەگەڵ سایەدا نەبووە.

خورشید ——◄ سایە = یار ——◄ ئاشنابوونی لەگەڵ خەڵکیدا

مەحوی دەڵێ:

وتی مەحوی منو تۆ ئافتابو سایە تیمثالین

جەنابی من کە دەرکەوتم: دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا [25]

لەم دێڕەشدا مەحوی هەر کەرەسەکانی وێنەی پێشووی بەکارهێناوەتەوەو جیاوازی ئەم لەگەڵ وێنەکەی پێشوودا ئەوەیە، لێرەدا لەبری وشەی خورشید ئافتابی بەکارهێناوە، واتا تەنیا ناوەکانی هەمان شتی گۆڕیوە، کۆکەرەوەی هەردوولای ئەم وێنەیەش هاودژی و پێکەوە نەگونجانە، کە هەرکاتێ یار دەرکەوێ دەبێ مەحوی لەوێدا نەمێنێ هەروەکو چۆن ئافتابو سێبەر پێکەوە نابن.

جارێکی تریش هەر ئەو وێنەیەی نالی سرووش بەخش بووە بۆ مەحوی وای کردووە کە بگەڕێ بەدوای شتە هاودژەکانداو لەسرووشتدا هاووێنەی پێوەندی نێوان ڕۆژو سێبەر بدۆزێتەوەو ئەو پێوەندییەی لەنێوان ڕۆژو شەونمدا دۆزیوەتەوەو چەند جارێکیش بەکاری هێناوەتەوە، وەکو:

کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە بڕوا

کە خۆ دەرخەی وەکو خۆر دڵ وەکو شەونم لەخۆ بڕوا [26]

کۆکەرەوە لەم وێنەیەدا هەر ئەو کۆکەرەوەیە کە لەوێنەکانی پێشوودا ڕۆڵی بینیوە، کە ئەویش نەمانی لایەکە بەدەرکەوتنی لایەکەی تر...دڵ بەبینینی تۆ دەتوێتەوەو نامێنێ هەروەکو چۆن کاتێ خۆر دەرکەوێ شەونم دەتوێتەوە. یان کە تۆ دەردەکەوی دڵ لەهۆشی خۆی دەچێ و دەبووریتەوە.

دڵ ——◄ بینینی یار = شەونم + لێدانی تیشکی خۆر

لەهەردوو هاوکێشەکەدا ئەنجام نەمانە...واتا ئەو پێوەندییەی لەنێوان (دڵ) و (تۆ)دا هەیە یەکسانە بەو پێوەندییەی کە لەنێوان (شەونم) و (لێدانی تیشکی خۆر) دایە.

مەحوی دەڵێ:

تۆ کە دەرکەوتی: مەپرسە چی بەسەر دێ جانو دڵ

حاڵەتی شەونم تەماشاکە بەوەقتی ڕۆژهەڵات

---

[25] دیوانی مەحوی، ل٣٦.

[26] دیوانی مەحوی، ل٣٥.

لەم دێڕەشدا مەحوی لەچنینی وێنەکەدا چواندنی نواندنی بەکارهێناوەو بەڕێگای دیاردەی بوون بەهەڵمی شەونم لەگەڵ دەرکەوتنی رۆژدا...حاڵی دڵو گیانی لەکاتی دەرکەوتنی یاردا بەرجەستە کردووە.

مەحوی دەڵێ:

بەپیر ئەو رۆژەوە مەحوی ئەوەندە

بەسەرچوو بوو، وەکو شەونم لەسەرکەوت [27]

مەحوی شاعیر هەرچەندە هەر کەرەسەکانی پێشووی لەدرووستکردنی ئەم وێنەیەدا بەکارهێناوە بەڵام داهێنانێکی بەرزی تێداکردووە بەوەی کە هەرچەندە دیسان شێوازی چواندنی وێنە بەوێنەی تێدا بەکارهێناوە، لەواژەی (رۆژ) یشدا هونەری پۆشینی پاڵێوراوی بەکارهێناوە، لەدێڕەکەدا وشەی شەونم هاتووە کە بیرمان بۆ ئەوە بچێت رۆژ بەواتای (خۆر) هاتبێت، چونکە دوو کەرەسەی سەرەکی چنینی وێنەکەن بەڵام شاعیر مەبەستی لە ئەو رۆژە (یوم) ە.

شەونم ←—— رۆژ = شاعیر ←—— بەپیری ئەو رۆژە (یوم) ەوە

نەمان نەمان

وەکو پۆشین رۆژ

واتای نزیکی، خۆرە – شەونمیش هاتووە بۆئەوەی مێشکمان زیاتر بۆ خۆر بچێت نەك بۆ (رۆژ، یوم) واتای دوور رۆژ (یوم) کە شاعیر مەبەستێتی.

هەر بەهەمان واتای دێڕە شیعرییەکانی مەحوی )نالی)ش دەڵێ:

دەپرسی: بۆچی من دەرکەوتمو دڵ بوو لەتۆ غائب؟

کە وەختی رۆژهەڵات: ئەڵبەت دەبێ شەونم لەخۆ غایب [28]

نالی دەڵێ:

لە خەوفی تەلعەتت رۆژ هەروەکو شێت

بە ڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان [29]

لەم دێڕەی سەرەوەدا، شاعیر داهێنانەو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەوپەڕی جوانیی ڕووی یاری دەرخستووە بەوەی کە رۆژ ڕووی یاری لەڕووی خۆی جوانتر بینیوە بە خەجاڵەتی و ڕوو زەردییەوە، بەرەو کێوان هەڵاتووە، ئەم وێنەیە دەتوانرێت بەدوو شێوە لەڕووی بەلاغییەوە شیبکرێتەوە.

---

[27] دیوانی مەحوی، ل٨٩.

[28] دیوانی مەحوی، ل٥٣.

[29] دیوانی نالی، ل٣٢.

- شاعیر هونەری جوانی بایسی بەکارهێناوە چونکە هۆی راستەقینەی ئاوابوونی رۆژی پشتگوێ خستووەو بۆ جوانی هۆی ئاوابوونی رۆژی بەوە لێکداوەتەوە کە ڕووی یاری بینیوە لەو جوانترە، جا لەداخا هەڵهاتووەو کەوتووەتە کێوان و ئاوابووە.
- هەروەها شاعیر هونەری چواندنی درێژەی بەرەڵای بەکارهێناوە، رۆژی چواندووە بە کەسێکی شێت و هەڵبێ و بدا بەکێواندا، لێرەدا توانای وێنە لە بەرجەستەکردن و گیان بەخشین بە شتەکان دەردەکەوێ ئەوەتا رۆژ بووە بەکەسێکی شێت و بەرەو کێوەکان هەڵهاتووە.

دەشتوانین بڵێین خواستنی شاراوە لەم وێنەیەدا بەکارهێنراوە بەوەی کە سیفەتی ترس کە هی مرۆڤە بەرۆژ بەخشراوە، مرۆڤ لە رستەکەدا نەهاتووە بەڵکو بەڕێگای درکەوە هێنراوەتەوە، بەهێنانی سیفەتی ترس کە هی مرۆڤە.
مەحوی دەڵێ:

رووتی دی لەو ڕۆژەوە رۆژە گەر رۆژە سەرگەردانە رۆژ
گەییە ئێوارە وەکو من ئیشی قوڕپێوانە ڕۆژ [30]

مەحوی شاعیریش هەر ئەو دیاردەیەی خستووەتەکار لەچنینی وێنەکەیدا کە نالی بەکاری هێناوەو هونەری (جوانی بایس)ی بەهەمان شێوەی نالی بەکارهێناوە هەروەها هونەری خواستنی شاراوەی بەکارهێناوە، چونکە سیفەتی (دیتن) ی بەرۆژ بەخشیوە کەهی مرۆڤە، هەروەها خواستنی (پاڵێوراو)یشە چونکە لەوێنەکەدا وشەی تر هاتووە سەربە لێخوازراوە وەکو (سەرگەردان) و (قوڕپێوان). دوایش چواندنی درێژەی بەرەڵای بەکارهێناوە، رۆژی بەخۆی چواندووە لەپیشەی قوڕپێواندا. لەهەردوو وێنەکەی نالی و مەحویدا باسی جوانیی یارە.
لەم دەقەدا مەحوی ڕەچاوی زەمەنی مێژوویی کردووە کە ماوەکەی لەنێوان بینینی یارەوەیە تا ئێوارەو خۆرئاوابوون، چونکە خۆر لەکاتی ئاوابووندا سوور هەڵدەگەڕێ، لەچنینی وێنەکەشدا مەحوی دوو سیفەتی بەرامبەر ئەو دوو سیفەتەی کە لەوێنەکەی نالیدا هاتووە، ڕاگرتووە، سەرگەردان بەرامبەر هەڵهاتن و ڕووزەردی بەرامبەر قوڕپێوان.
لەمەوە هەست بەوە دەکەین کە زەمەنی وێنەکەی نالی زۆر خێراترە لەزەمەنی وێنەکەی مەحوی، لە وێنەکەی نالیدا خۆر هێشتا زەردە ئاوا دەبێ کە دیارە پێش کاتی خۆی دەکەوێ واتا نالی لێرەدا زەمەنی کۆمەڵایەتی (الزمن الاجتماعي) بەکارهێناوە نەک زەمەنی مێژوویی (الزمن التأريخي)، پەلەکردنی ڕۆژو خێرا هەڵهاتنی ئەوە دەگەیەنێ کە ڕووی یار لە دەقەکەی نالیدا زۆر جوانترە لە ڕووی یاری دەقەکەی مەحوی، قوڕپێوانی خۆر مەبەستی لەکاتی ئاوابوونە، چونکە ئەوکاتە خۆر سوور هەڵدەگەڕێ و شاعیریش بەقوڕپێوانی داوە لەقەڵەم، زەمەن لەم وێنەیەی مەحویدا زەمەنی مێژووییە، چونکە خۆر لەکاتی خۆیدا ئاوابووە.
نالی دەڵێ:

---
[30] دیوانی مەحوی، ل١٣٧.

حەلقە حەلقە زوڵفی سەر قوببەی هەیاسەی کەوتووە

مەحرەمی سیڕرە بەڵێ گەنجووری گەنجە ئەژدەها [٣١]

نالی دەڵێ:

ئەژدەهای زوڵفی لەدەوری گەنجی حوسنی حاریسە

حەڵقە حەڵقە چین بەچین سەرتا بەخواری گرتووە [٣٢]

نالی شاعیر هەروەکو زۆربەی شاعیرانی کلاسیك لەچنینی وێنەدا پەنای بۆئەو ئەفسانەیە بردووە کە تێیدا مار پارێزەرو پاسەوانی ئەو کونو گەنجینانەیە کە زێڕو زیویان تێدایە، وێنەکەی بەشێوازی چواندنی وێنە بەوێنە بەرجەستە کردووە، وێنەی یەکەم کە زوڵفی یارە بەسەر قوببەی هەیاسەیدا لوولو پەپکەی خواردوە شاعیر چواندوێتی بەو وێنە ئەفسانەییە کە تێیدا ئەژدیها بەسەر کونو گەنجی زێڕو زیودا پەپکە دەخواتو پارێزگاری لێ دەکات، لێرەدا هەرچەندە بەشێوەی تاکیش زوڵف لە ئەژدەهاو قوببەی هەیاسەش هەرخۆی زێڕە، بەڵام شاعیر مەبەستی لەوە زیاتر بووە، زوڵفی یار بەسەر قوببەی هەیاسەوە وێنەیەکی لێ درووستکردووەو چواندوێتی بەو ئەژدەهایەی کە بەسەر گەنجی زێڕەوە پەپکەی خواردووەو پارێزگاری لێ دەکات.

زوڵفی یار ←—— قوببەی هەیاسە = ئەژدەها ←—— گەنجی پڕ لەزێڕ

هەروەها نالی شاعیر لەدێڕێکی تردا هەمان کەرەسەی بەکارهێناوەتەوە کە دەڵێ:

ئەژدەهای زوڵفی لەدەوری گەنجی حوسنی حاریسە

حەڵقە حەڵقە چین بەچین سەرتا بەخواری گرتووە [٣٣]

جیاوازی ئەم وێنەیە لەگەڵ ئەوەی پێشوودا لەوەدایە شاعیر هەردوو وێنەکەی بەشێوازی چواندنی ڕەوانو بەتێکەڵی هێناوەتەوە.

ئەژدەهای زوڵف = زوڵفی لە ئەژدەها دەچێت

گەنجی حوسنی = جوانی ڕووی لە گەنج دەچێت

واتا زوڵف بە سەرووەوە لە ئەژدەها دەچێت بەسەر گەنجەوە.

لەهەردوولادا پارێزگارییان لێ دەکرێت بۆئەوەی کەسیان پێ نەگات.

مەحوی دەڵێ:

خەیاڵی زوڵفی دەرناچێ لەدڵ تا دەرنەچێ ڕۆحم

سپێرراوە خەزێنەی بەختی ئێمە بەو سیامارە [٣٤]

---

[31] دیوانی نالی، ل١٣٠.

[32] دیوانی نالی، ل٥٣٩.

[33] دیوانی نالی، ل٥٣٩.

مەحوی شاعیریش هەر ئەو ئەفسانەیەی وەکو وێنەیەك بەکارهێناوە بۆ بەرجەستەکردنی وێنەیەکی هەندێ جیاوازتر لەو وێنەیەی نالی، لەم وێنەیەی مەحویدا زوڵف لەمار دەچێت بەڵام بەخت لە خەزێنە ناچێت (هەرچەندە لەهونەری وێنە بەوێنەدا تاکەکان مەبەست نییە) لێرەدا پێوەندی بەخت بە زوڵفەوە (پارێزگاری کردنە) هەروەکو چۆن پێوەندی مار بە خەزێنەوە پێوەندی پارێزگاری کردنە.

پارێزگاریکردنی لەلایەن                     پارێزگاریکردنی لەلایەن

بەخت ←———— زوڵف = خەزێنە ←———— مارەوە

لەدەقەکەی نالیدا، ئەفسانەی (گەنج و ئەژدیها) ئامانجی گەیاندووە واتا وێنەی بەرامبەریشی لەو ئەرکە هاوشێوەیەدا بەشدارکردووە، زوڵفی حاریسی حوسنە وەکو چۆن ئەژدیها حاریسی گەنجە، بەڵام لەدەقەکەی مەحویدا ئایا ئامانجی گەیاندووە؟ لێرەدا جێگای پرسیارە، مەحوی ئەم وێنە ئەفسانەییەی بۆ ئەوە بەکارهێناوە وێنەی بەرامبەریش لەو ئەرکە هاوشێوەیەدا بەشداربکات واتا زوڵفی یار پارێزگاری لە بەختی شاعیر بکات و بەدبەختی نەکات، ئایا کردویێتی، لێرەدا ڕەنگە بتوانین بڵێین نەخێر، بەکارهێنانی وشەی (سیامار) ڕاستە بەرامبەر بە زوڵفی ڕەش و درێژە..بەڵام وەقعێکی قورسی لەدەروونی شاعیردا هەیەو دڵنیا نییە لەو پارێزگاری کردنە چونکە وشەی (سپێرراوە) ی بەکارهێناوە.

نالی دەڵێ:

تیژاوی سوروشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە
روخسارەی زەردم وەکو ئەوراقی خەزانە [35]

نالی بەشێوازی چواندنی لەناویەك وێنەی نیوەدێڕی یەکەمی چنیوە، سوروشکی بەشێوازی چواندنی ڕەوانە بەتیژاو چواندووەو دوایش بە ئیکسیری سوهەیل چواندوێتی کە دیسان چواندنی ڕەوان (سوهەیل بە ئیکسیر چوێنراوە). شاعیر لێرەدا سوودی لەسیفەتی ئیکسیر وەرگرتووە بۆ وەسفکردنی روخساری خۆی (ئیکسیر مادەیەکە وتراوە ئاسن و مس دەکا بەزێڕ) واتا وەکو چۆن کە ئەستێرەی سوهەیل دەرکەوێ گەڵا سەوزو تەڕەکان زەرد هەڵئەگەڕێن بەم شێوەیە منیش تێزابی فرمێسکم وەکو ئیکسیر ئەم ڕەنگە سوورەم زەرد هەڵدەگەڕێنێ.

لەنیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر وێنەکەی بەشێوازی چواندنێك چنیوە کە هەردوولای چواندنەکە چواندنی ڕەوانن، دەیەوێ بڵێ هەروەکو چۆن سوهەیل لە ئیکسیر دەچێ لە گۆڕینی ڕەنگی شتەکاندا سوروشکیشم ئاوەها لە تێژاو دەچێ.

سووروشك ←——— تێژاو = سوهەیل ←——— ئیکسیر

بۆ روونکردنەوەی زیاتر دەڵێ: هەروەکو چۆن تێزاب شتی پیس لەزێڕ ڕائەماڵێ و بێگەردو زەردی دەکاتەوە وەهاش فرمێسکم ڕەنگی پێشووم ڕائەماڵێ و زەردی دەکاتەوە ئەمەش هەروەکو چۆن ئیکسیر ئاسن و مس دەکا بەزێڕ وەهاش ئەستێرەی سوهەیل کاتێ دەردەکەوێ گەڵا تەڕو سەوزەکان

---

[34] دیوانی مەحوی، ل٤٦٢.

[35] دیوانی نالی، ل٤٧٩.

زەرد هەڵدەگەڕێن، بەشی یەکەمی نیوەدێڕی دووەم دەرئەنجامی بەشی یەکەمی نیوەدێڕی یەکەمەو بەشی دووەمی نیوەدێڕی دووەم دەرئەنجامی بەشی دووەمی نیوەدێڕی یەکەمە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| تیژاوی | سوروشکم وەکو | ئیکسیری | سوهەیلە |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| تێزاب | فرمێسک | ئیکسیر | ئەستێرە |
| شتی پیس لەزێڕ دائەماڵیٚ‌و زەردی دەکاتەوە | ڕەنگی پێشووی ڕائەماڵیٚ‌و زەردی دەکاتەوە | ماددەیەکە مس‌و ئاسن دەگۆڕیٚ بۆ زێڕ | گەڵای درەختەکان زەرد هەڵدەگەڕێنیٚ |
| پ.چ (پێچوێنراو) | چ (چوێنراو) | پ.چ (پێچوێنراو) | چ (چوێنراو) |
| | چ (چوێنراو) لێچوو | پ.چ (پێچوێنراو) لەوچوو | |

مەحوی دەڵیٚ:

خودایا هەم لەتۆ حوببی ڕەسوول‌و ئیتیباعی ئەو

کە ئیکسیری مسی ماهیەتی مەغشوشی ئینسانە

[٣٦]

مەحوی شاعیریش ئەم وێنەیەی بەڕێگای چواندنی ڕەوان دروستکردووە، ئیکسیری تێدا بەکارهێناوە کە هەمان کەرەسەی وێنەکەی نالی یە، دەڵیٚ هەروەکو چۆن ئیکسیر مس‌و ئاسن دەگۆڕیٚ بۆ زێڕی بێگەرد، وەهاش خۆشەویستی پێغەمبەر پەیڕەوکردنی دەبێتە مایەی پاککردنەوەی دەروونی مرۆڤ لەهەموو گەردێك، لێرەدا مەحوی وێنەکەی بەوشێوەیە داڕشتووە کە ڕووی لێکچوون (ژیریی) بێت.

نالی دەڵیٚ:

من لەبیٚ بەرگی (مەخە)م پرسی کە بۆچ ڕووتی؟ وتی

ڕەببی من شێت بم ئەگەر شادبم بە بەرگی عاریە! [٣٧]

[36] دیوانی مەحوی، ل٤٥٩.

نالی لەم دێڕەی سەرەوەدا، (مەخە) کە (شێتێکی ئەو سەردەمەی سلێمانییە) کردووە بەکەرەسەی دروستکردنی وێنەکەی، تێیدا پووچی ئەم دونیایەی بەشێوازێکی هونەری بەرجەستە دەکات، ئەمەش بە بەکارهێنانی هونەری پۆشین دروستی کردووە، (بەرگی عاریە) لەم وێنەیەدا دوو واتای هەیە، واتا نزیکەکەی خۆرووتکردنەوەیەو، واتا دوورەکەی ئارەزوو و خواستەمەنییەکانی ژیانە، لێرەدا شاعیر مەبەستی لەواتا دوورەکەیە هەرچەندە وشەی (مەخە) هاتووەو بیری مرۆڤ بۆئەوە دەبات کە مەبەست لەواتا نزیکەکە بێت بەڵام شاعیر وەکو وتمان مەبەستی لەواتا دوورەکەیە، ئەم جۆرە پۆشینە پێی دەوترێت پۆشینی پاڵێوراو.

مەحوی دەڵێ:

ڕەحە بەو شێتییە (الحق) قصێکی عاقڵانەی وت

منم عاقڵ لەبەرگی عاریە خۆمم کە عاری کرد [38]

مەحوی شاعیریش لەم وێنەیەدا دیمەنی شێتێکی ڕووتوقووتی کردووە بەکەرەسەی بنیاتنانی وێنەکەی‌و هەرئەو شێوازە هونەرییەی بەکارهێناوە کە نالی بەکاری هێناوە کە پۆشینی پاڵێوراوە، (بەرگی عاریە) کە لەوێنەکەدا هاتووە دەتوانین بڵێین دوو بەکارهێنانی هەیە، بەکارهێنانە نزیکەکەی (بێ جلوبەرگی‌و خۆ ڕووت کردنەوەیە)و بەکارهێنانە دوورەکەی (واتا دوورەکەی) حەزو ئارەزووەکان‌و خواستەمەنیەکانی مرۆڤە، لەوێنەکەشدا (عاری) هاتووەو سەربەواتا نزیکەکەیەو وا لەمرۆڤ دەکات کە بڵێت واتا نزیکەکەی مەبەستە بەڵام شاعیر هەر واتا دوورەکەی مەبەستە.

لەم وێنەیەی مەحویدا (ڕەحە) ڕاستەوخۆ دێتە گۆو قسە دەکات بەڵام لەوێنەکەی نالیدا بەڕێگای (پرس)ەوە نالی (مەخە) دێنێتەگۆ...ئەگەر لەنیوە دێڕی دووەمی وێنەکەی مەحوی وردببینەوە دەبینین مەحوی هەر ئەو نیوە دێڕەی کە نالی بەکاری هێناوە بەشێوازێکی تر داڕشتووەتەوە، نالی دەڵێ خوایە شێتبم ئەگەر دڵم بەم خواستەمەنیانەی ژیان خۆش بێت‌و مەحویش دەڵێ من عاقڵم چونکە ویست‌و ئارەزووەکانی ژیانم لەخۆم ڕاماڵییە، نالی بەڕێگای مەرج‌و وەڵامی مەرج مەبەستەکەی گەیاندووە بەڵام مەحوی ڕاستەوخۆ گەیاندوێتی.

نالی لەدەقەکەیدا کاتێ بەزمانی (مەخە) وە دەڵێ (ڕەببی من شێت بم ئەگەر شادبم بەبەرگی عاریە) زیاتر چووەتە دەروونی کەسەکەوە لەو دەقەی مەحوی کە بەزمانی (ڕەحە) وە دەڵێ (منم عاقڵ لە بەرگی عاریە خۆمم کە عاری کرد)، مەحوی کە بەزمانی (ڕەحە) وە دەدوێ بە بیرکردنەوە هەر مەحوی یە، ئەگەر نا نەیدەگوت منم عاقڵ بەڵام نالی لە دەقەکەیدا بەزمان و بیرکردنەوە کەسێتی (مەخە)ی وەرگرتووە، چونکە ئەگەر نالی وەکو مەحوی بەبیرکردنەوەی خۆیەوە بەزمانی (مەخە)وە قسەی بکردایە نەیدەگوت (من شێت بم) بەڵکو ئەمیش هەر دەیگوت (منم عاقڵ)، بەڵام بە زمان و

[37] دیوانی نالی، ل٥٧٩.

[38] دیوانی مەحوی، ل١١٠.

بیرکردنەوە کەسێتی (مەخە) ی خواستووە، لەبەرئەوەی کە نازانی خۆی شێتە، دەڵێ (ڕەببی من شێت بم).

نالی دەڵێ:

بڕۆت باڵی هوما سایەی سەری سولطانی حوسنت بوو
خەطت هات ووتی: من ناسیخی طوغرانیی خونکارم [٣٩]

نالی:

نالی کە غولامی مەدەدی زوڵف و بڕۆتە
شاهێکە لەبن سایەی باڵی دوو هومادا [٤٠]

نالی:

سایەیی پایە وەکو باڵی هوماو بازی سپیم
نەوەکوو بوومی قەدەم شوومو نە هەمڕەنگی قەلم [٤١]

نالی لەچنینی ئەم چەند وێنەیەی سەرەوەدا سوودی لە (هوما) وەرگرتووە کە باڵندەیەکی ئەفسانەییە، (وتراوە ئەگەر بەسەر هەر کەسێکەوە بنیشێتەوە دەبێتە پاشا)[٤٢]. جارێکیان بڕۆی یار دەکات بەباڵی هوما بەڕێگای چواندنی ڕەوان، کۆکەرەوەش لێرەدا (هێنانی خێروخۆشیو حەسانەوە لەسایەدا)یەو جارێکی تریش بڕۆ زوڵفی یار دەکاتە دوو هوماو خۆیشی دەبێتە پاشا لەسایەی ئەو دوو هومایەدا، شاعیر خۆی لەسایەی بڕۆ زوڵفی یاردا چواندووە بە پادشاهێك لەسایەی باڵی دوو هومادا.
نالی شاعیر جارێکی تریش سوود لەم ئەفسانەیە دەبینێ و ئەمجارە خۆی دەکا بە هوماو ڕوو لەهەرکوێ دەکات دەبێتە مایەی خێروخۆشی بۆی.

مەحوی دەڵێ:

ئەو دوو ئەبرۆیە کە پەیوەستە بە جووتە وەك هوما
سایە بانی چاوی بیمارن لەعالەم بوو نەتاق [٤٣]

مەحوی شاعیریش هەرئەو ئەفسانەیەی کردووە بەکەرەسەی بنیاتنانی وێنەکەی لەم دێڕەی سەرەوەدا، بەڵام ئەم لەوەسفی پێغەمبەردا بەکاری هێناوە، بڕۆی پێغەمبەری چواندووە بەهوما،

---

39 دیوانی نالی، ل٢٧٤.
40 دیوانی نالی، ل٨٦.
41 دیوانی نالی، ل٢٨٩.
42 دیوانی مەحوی، پەراوێزی ل١٧٨.
43 دیوانی مەحوی، ل١٧٨.

چونكە وەكو ئەو سێبەر بۆ هەر چاوێكی بیمار بكات چاكی دەكاتەوە. وێنەكە بەشێوازی چواندنی بەرەڵا (مُرسل) چنیوە.

مەحوی لەم دەقەدا ئامرازی چواندنی (وەك) ی بەكارهێناوە، كە ئەمە وایكردووە (ئەبرۆ) و (هوما) لە سیفەتە هاوبەشەكەیاندا بەتەواوی نەبن بەیەك بەڵام لەدەقی یەكەمو دووەمی ئەو سێ دەقەی پێشووی نالی، لەبەرئەوەی شێوازی چواندنی (ڕەوان) ی تێدا بەكارهێناوە، لاكان (برۆ، هوما، زوڵفو برۆ، هوما) (نالی، شاە) زیاتر تێكەڵی یەكتربوون و بوون بەیەك.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا ئەم دوو خاڵەی خوارەوە وەكو ئەنجام دەخەینە ڕوو:

١- مەحوی شاعیر تەنیا لەسەر ڕێچكەو ڕێبازی نالی لە هۆنینەوەی شیعردا نەڕۆیشتووە بەڵكو زۆر كەرەسەی بنیاتنانی دەقو وێنەشی لێ وەرگرتووە.

٢- مەحوی شاعیر لەبەكارهێنانی ئەو كەرەسانەدا بۆ بنیاتنانی دەقەكانی، هەندێ جار هەر ئەو دەقانەی نالی بەشێوازێكی جیاواز داڕشتووەتەوەو، هەندێ جاریش هەوڵی داوە كەسێتییێكی سەربەخۆ بەدەقەكەوە ببەخشێتو هەندێ جاریش داهێنانی تێدا كردووە، كەسێكیش كە بتوانێ بەباڵی خەیاڵ بەكێوە سەختەكانی توانای نالیدا هەڵزنێ، ئەوپەڕی توانایی دەگەیەنێ.

## سەرچاوەكان


١- عبدالله عزیز خالد لەبارەی مەحوی لوتكەوە چ١ چاپخانەی سۆمەر، ١٩٨٦.

٢- عەلائەدین سوجادی مێژووی ئەدەبی كوردی چ٢ چاپخانەی معارف / بەغدا ١٩٧١.


دیوانی شاعیران:


١. دیوانی مەحوی لێكدانەوەی مەلا عبدالكریمی مدرس و محمدی مەلا كەریم چ٢ چاپخانەی حسام ١٩٨٤. دیوانی نالی لێكدانەوەی مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم.


سەرچاوە بیانییەكان:


١- جولیا كریستیڤا علم النص ت فرید الزاهی، مراجعة عبدالجلیل ناظم ط١ الدارالبیضاء، المغرب ١٩٩١.

٢- روبرت شولز، السیمیاء والتأویل ت.سعید الغانی ط١ دارالفارس، عمان، الاردن، ١٩٩٤.

٣- محمد عزام، النص الغائب تجليات التناص فى الشعر العربى- اتحاد الكتاب العرب، دمشق سوريا، بدون سنة طبع.
٤- د. محمد مفتاح، دينامية النص ط١ المركز الثقافى العربى، المغرب، الدارالبيضاء، بدون سنة طبع.
٥- د. محمد خيرى البقاعى، افاق التناصية (مجموعة مقالات مترجمة)، ١٩٩٨.

گۆڤارەکان:

- گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەش B ژ ١٨- ٢٠٠٦
- الموقف الثقافى العدد ٨- ١٩٩٧، دارا الشوؤن الثقافية، وزارة الثقافة والأعلام بغداد.العراق.

### ملخص البحث

هذا البحث يتناول بالتحليل التناص في فصلين على الوجه الآتى:

- الفصل الأول/ مفهوم التناص و أراء الكتاب والنقاد حوله.
- الفصل الثاني/ دراسة ما استعاره محوى من نصوص لنالى ومدى ما احدثه من تغير لتلك النصوص.

### *Abstract*

*This study deals with intertextuality analysis as follows:*

- *The concept of intertextuality and the introduction with the opinions of the writers about it.*
- *The comparison between those images that Naly use are present in Mahwi's poems and the changes of those texts.*